www.kurdistannet.org
24-4-2007 1:45بەكاتی ناوەندی ئەوروپا

## ئیلاهی ... شێروان ئیبراهم حەیدەری

پێشكەشە بە رۆحیانەتی ئەكرەم عەنەبی

"ئەوا لەیلا ئەدا وادەی لیقا مەحوی
هەتاقامی قیامەت شین واوەیلا نەكەم چبكەم"

بۆخۆت بنوو... ئەی فریشتەی بێ باڵ بنوو...
لەتەك مەلەكوت بنوو
لەتەك خوا وەنەوزبدە
جارێ زووە بۆ هەڵرشتنی خەونەكان
ئێستا كافییە بۆ رستە سەرمەستەكان
سیگارێك پێبكە
تا هەموو غەمەكانی وجوود لەیاد بكەی
سیگارێك پێبكە
سیگاری شوكرانە بێ لەو دنیا فانیەدا
سیگارێك پێبكە
خەم مەخۆ لە قسەكانی من و دڵزار
من وەك ئەوەم كە لەناو پەلكە زێرینەكاندا سەرم لە رەنگەكان دەرناچێ
ئەویش لە دەرەوەی باغی عیرفان یاری دەكاو دەڵێ:
ئەو هەستكردنە بە تاوانە چ تاوانێكە خوایە هەمووامان لوولدەدا
ئەو هەستكردنە بە گوناهە چ تابووتێكە هەمووامان راپێچ دەكا...
بەڵام تۆ...
لەرشتەی "حافزا" باسی چینی گومانەت دەكرد
دەت وت "ئەو گومانە گومانە كە دەت گەینێتە حەقیقەت"
بەڵام ئێمە نەمان دەویست بگەینە حەقیقەتێك و حەقیقەتێكی تر
لەدوای هەبێ...
بۆخۆت بنوو
بەبێ غەمی لەگەڵ باغی عیرفانی پەرە زەردەكانە بنوو
خەمی چیتە؟
ئەوەی دەتەوێ هەتە
بەرخوردی لە دونیای سەفا
لەوێندەریش هەر بەو كەلامە شیرینە بڵێ "ئیلاهی"
ئیلاهی چەندە مەحبوبم بەدیدارت
ئیلاهی چەندە مەعشوقم بە ئەگوارت
ئیلاهی چەندە مسرورم بە نیگارت
ئیلاهی
دەتۆ ئێستا پێم بڵێ
من باكم بەقسەی هیچ كەسێكی تر نەبوو

ئەو نووسینانەی لە كوردستان نێت دا بڵاودەكرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەكانیانە، كوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

هەموو غەم و تاسە و عەشقم وەڵامی تۆ بوو
ئیلاهی...
چەند بە ڕازت گرفتاری سەر بووم
چەندە بە عشقت گرفتاری ئەهلی دڵ بووم
لاپەڕەکانی غەزەلیاتم هەمووی تەی کرد
لە پێناوی عشقی تۆ
لە پێناوی وەفای تۆ
لە پێناوی بەخشندەی تۆ
شەرمم دەکرد کە سەرم لەسەر سوژ دەبردن بێ و دڵم لای یەکێکی تر بێ
ئای ئیلاهی
بەبارێك لە هیلاکەتییەوە هاتووم
بەبارێك لە ئیشتباهەوە هاتووم
جوعبەکەم هیچی تیا نییە
شێروان شەممە بوو زەنگی بۆ لێ نەدابووم
ئیلاهی پەژموردم لەراست دیداری تۆ
قاچی وەستانم نییە
ئیلاهی
ئیلاهی
ئیلاهی
جارێك زوو بوو ئەو گەشتە
نێوانی من و بەهەشت ئەو دەنکە خورمایە نەبوو
نێوانی من و کەوسەر ئارەقەی خەیام نەبوو
شەڕابی من وەکو شەڕابی خەیام نەبوو
بڕژێ
بەڵام ئیلاهی کەس سەری دەرناچێ لە ئەسرارت
کەس ڕەنگی تێك ناچێ لە کردارت
ئیلاهی بەم کاتە زووە چی بوو
خۆ ئێمە دواهەمین پیاسەمان نەکردبوو
خۆ ئێمە دواهەمین دیدارمان ساز نەدابوو
ئیلاهی

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.